# یاداشتنامەی ژمارەیەك رووناكبیر

بەدەستپێشخەری گەڕیدەو جوگرافیناسی ناسراوی گەلەكەمان، مامۆستا كەریم زەند ژمارەیەك رووناكبیریگەلەكەمان لە پێناو ئاشتیو دیموكراسی ومافی مرۆڤدا یاداشتنامەیەكیان بۆ سەرۆكی ئەمریكاو سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاو بەڕێزان مام جلال و كاك مەسعود بارزانی ناردو بە بیریان هێنیەوە كە گەلی كوردی ٤٠ملیۆن مرۆڤی لەسەدەكانی رابردوودا لەساكارترین مافی ڕەوای بێبەشكرابوو، ئێستاش كاتی ئەوە هاتووە لەگەڵ گۆڕانكاریەكانی جیهاندا ئاوڕێكی لێبدرێتەوە، چونكە گەلی كورد زۆرسەرختانە پشتیوانی لە پرۆسەی رزگاری عێراق و شەڕی دژ بە تیرۆر دەكات.

هەروەها رووناكبیران نیگەرانی خۆیان بۆ ئەگەری لەشكركێشی دەرەكی بۆ ناوخاكی كوردستان دیاركردووەو داوایانكردوە، كە بەهیچ شێوەیەك و لەژێر هەر بیانۆیەكدا بێت نابێ رێگە بە هاتنە ناوەوەی لەشكری دەوڵەتانی دراوسێ بدرێت.

ئەمەو رووناكبیران مەترسی لەشكركێشی دەرەكیان وەك دەست تێوەردان لەئەزموونی دیموكراسی وفیدراڵی باشوری كوردستان لێكداوەتەوە.

# پرۆشكی شەڕ هاووڵاتیانی كوردستانیشی گرتەوە



*شەوی ٣٠-٢٠٠٣/٣/٣١ ڕژێمی بەغدا چەند موشەكێكی ئاڕاستەی هاوینە هەواری پیرمام و كۆڕێو دەوروبەریكرد، جگە لە زیانی ماددی، خۆشبەختانە زیانی گیانی لێنەكەوتەوە.

*رۆژی ٤/١تۆپخانەی ڕژێم تۆپبارانی شاری كفری و دەوروبەری كرد، لە ئەنجامدا سێ هاووڵاتی شەهید بوون و ١٧ دیكەش بریندار بوون.

*رۆژی ٤/٢ فڕۆكەكانی هاوپەیمانان زۆر بەخەستی گوندی قوشاغلوی ناحیەی قوشتەپەیان بۆمبارانكرد، لە ئاكامدا سێ هاووڵاتی بریندار بوونو زەرەرو زیانێكی زۆریش بەمەڕو ماڵاتی گوندنشینان كەوت.

*رۆژی ٤/٣ڕژێم تۆپبارانی ناحیەی (بەردەڕەش) وگوندەكانی دەوروبەریكرد، لەئاكامدا ژمارەیەك هاووڵاتی بریندار بوون.

*رۆژی ٤/٤فڕۆكەكانی هاوپەیمانی بۆمبارانی ناحیەی (فایدە) و گوندەكانی دەوروبەریانكرد، لەئاكامدا دوو هاولاتی گیانیان لەدەستداو ١٠ی دیكەش بریندار بوون.

*رۆژی ٤/٥س ڕژێم تۆپبارانی گوندەكانی دەوروبەری خازرو ناحیەی خەباتی كرد، لە ئاكامدا ژمارەیەك هاووڵاتی بریندار بوون و زیانیش بەسەروەتی دانیشتوانەكەی گەیشت.

*رۆژی ٤/٦ فڕۆكەكانی هاوپەیمان بە هەڵە تەقەیان لە كاروانێكی پێشمەرگەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان و سەربازانی ئەمریكا بەرێگەی هەولێر مەخمور كردوە، لە ئاكامدا چەندین كەس گیانیان لەدەستداوەو زیاتر لە ٤٠كەسی دیكەش بریندار بوون.

# چەكدارانی ئەنسار ئیسلام تەسلیم دەبنەوە

سەرچاوەیەكی ئاگادار بە ( رۆژی گەل)ی راگەیاند كە لە هەفتەی رابردوودا نزیكەی (٣٠) چەكداری ئەنسار ئیسلام بە پیل لێبوردنە گشتیەكەی حكومەتی هەرێمی كوردستان هاتن و خۆیان تەسلیم بەهێزی پێشمەرگەی كوردستان كرد، ئەمەو دواتر رەوانەی ماڵەكانی خۆیان كرانەوە، هەروەها بەگوێرەی هەمان سەرچاوە بریار وایە لە رۆژانی داهاتوودا پاشماوەی هێزەكانیان كە زیاتر لە (١٠٠)چەكدارە، هەمویان بگەرێنەوەو تەسلیم بە هێزی پێشمەرگە ببن.

# سەردان و پێشوازی

⋆سەعات ١١ی رۆژی ٢٠٠٣/٣/٤ شاندێكی پارتی نەتەوەیی كوردستان كە پێكهاتبوو لە بەڕێزان (جەبار میرزا رۆستەمی سكرتێری پارت و (حاكم چیا) ئەندامی (م.س) سەردانی بارەگای (م.س)یان كردو لە لایەن بەڕێزان سكرتێری حزب و ئەندامانی (م.س) بەگەرمیەوە پێشوازیان لێكرا .. لە دیدارێكی برایانەدا باس لە ڕەوشی كوردستان و پەیوەندی نێوان هەر دوو لایەن كرا.

⋆سەعات ١٥ی رۆژی ٢٠٠٣/٣/٤ بەڕێز (عیرفان كەركوللی) سكرتێری پارتی گەلی توركمان سەردانی بارەگای (م.س)ی حزبمانی كردو بەگەرمیەوە لەلایەن بەڕێز سكرتێری حزبمان و ئەندامانی (م.س) پێشوازی لێكرا، ئەوسا سەبارەت بە گۆڕانكاریەكانی كوردستان و عێراق بیروڕا گۆڕدرایەوە.

⋆سەعات ١٤,٣٠ی رۆژی ٢٠٠٣/٣/٧ بەڕێز (هوشیار عەبدولرەحمان) بەرپرسی كۆمیتەی پارێزگاری سلێمانی هاوڕێ لەگەڵ هەڤاڵ (عەلی مەعروف) ئەندامی مەكتەبی پەیوەندیەكان بەشداریان لە مەراسیمی رێزگرتن لە ٨ی مارس، رۆژی جیهانی ژنان كرد .. ئەمەو بەو بۆنەیەوە پەیامی حزبیان پێشكەش بە بەڕێوەبەرانی مەراسیمەكە كرد.

⋆سەعات ١٢,٣٠ی رۆژی ٢٠٠٣/٣/٨ هەڤاڵ (رێكار ئەحمەد) سكرتێری حزب بەیاوەری هەڤاڵ (عومەر حەسەن) ئەندامی (م.س) سەردانی(م.س)ی بزوتنەوەی دیموكراتی گەلی كوردستانی كرد لە شاری هەولێردا، ئەمەو بەڕێزیان لەلایەن بەڕێز (مام خدر) سكرتێری بزوتنەوەو ئەندامانی (م.س) بەگەرمیەوە پێشوازیان لێكرا ئەوسا لە دیدارێكی برایانەدا باس لە ڕەوشی كوردستان و گەشە پێدانی پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسیەكانی كوردستان كرا هەروەها پتەوكردنی پەیوەندی نێوان هەر دوولاش جەختی لەسەر كرایەوە.

⋆سەعات ١٦ی رۆژی ٢٠٠٣/٣/٨ بەڕێزان (رێكار ئەحمەد) سكرتێری حزب و وەفدی یاوەری سەردانی بەریز (عەبدولخالق زەنگەنە) سكرتێری بزوتنەوەی میللی كوردستانیان كرد لە شاری هەولێردا ئەوسا لە دانیشتنێكی برایانەدا باس لە ئاسایی بوونەوەی ڕەوشی كوردستان و ئەگەری هەڵایسانی شەڕو بەڕێوەبردنی پرۆسەی ئازادكردنی عێراق كرا .. هەروەها هەردوولا جەختیان لەسەر پتەوكردن و قوڵكردنەوەی پێوەندی نێوان حزبی رزگاری و بزوتنەوەی میللی كوردستان كردەوە.

⋆سەعات ١٠ی سەر لە بەیانی ٢٠٠٣/٣/١١ وەفدێكی كۆمیتەی ڕاپەڕینی حزبمان كە پێكهاتبوو لە هەڤاڵان (تاریق مەسیفی) و (ڕێبوار رەشید) بەشداریان لە كۆبوونەوەی نێوان لایەنە سیاسیەكان سنووری هەرێمی ڕاپەڕین كرد، ئەمەو كۆبوونەوەكە لە لایەن مەڵبەندی ٨ی ڕاپەڕینی (ی.ن.ك) لە رانیە رێكخرا بوو، مەبەستیش باسكردنی رەوشی كوردستان وعێراق بوو .

⋆سەعات ١١ی رۆژی ٢٠٠٣/٣/١١ وەفدێكی سەركردایەتی پارتی كاری سەر بەخۆی كوردستان كە پێكهاتبوو لە بەڕێزان (سەركەوت عوسمان) و (هێرش كاكە برا) سەردانی بارەگای (م.س)ی حزبمانیان كرد لە شاری سلێمانیدا، ئەمەو وەفدەكە لە لایەن بەڕێز سكرتێری حزب و ئەندامانی سەركردایەتیەوە پێشوازی لێكرا.. لە دیدارێكی برایانەدا باس لە گۆڕانكاریەكانی كوردستان و ناوچەكە كرا، هەروەها جەخت لەسەر پێوەندی نێوان رزگاری وكاری سەربەخۆیی كە قۆناغێكی باش و گەشەسەندووی بەخۆیەوە بینیوە كرایەوە.

⋆سەعات ١٦,٣٠ ی رۆژی ٢٠٠٣/٣/١١ وەفدێكی پارتی پارێزگارانی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز (نەجات عومەر سورچی) كارگێری (م.س)، سەردانی (م.س)ی حزبمانی كرد و بەگەرمیەوە لە لایەن سكرتێری حزب و ئەندامانی سەركردایەتی حزبمانەوە پێشوازی لێكرا، ئەوسا لە دیدارێكی برایانەدا وێرای جەخت كردنەوە لەسەر پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەكانی كوردستان باس لە ڕەوشی كوردستان و ئەگەری شەڕی چاوەروانكراوی نێوان ڕژێمی بەغدادو هێزە هاوپێمانەكان كراو ڕوخانی سەدامیان بەسەركەوتنێكی گەورە بۆ گەلی كوردستان و عێراق لێكدایەوە.

⋆سەعات ١٢ی رۆژی ٢٠٠٣/٣/١٣ هەڤاڵ سكرتێری حزب بە یاوەری هەڤاڵ (عومەر حەسەن) ئەندامی (م.س) سەردانی بەڕێز (مستەفا چاوڕەش)بەرپرسی مەكتەبی پەیوەندیەكانی (ی.ن.ك)ی كردو بەگەرمیەوە پێشوازیان لێكرا ئەوسا لە دانیشتنێكی برایانەدا باس لە ڕەوشی كوردستان و پێوەندی نێوان لایەنە كوردستانیەكان كرا.

⋆سەعات ١٦ی رۆژی ٢٠٠٣/٣/٢١ هەڤاڵ سكرتێری حزب هاوڕێ لەگەڵ هەڤاڵ (عومەر حەسەن) ئەندامی (م.س) سەردانی بارەگای (م.س)ی حزبی بێت نەهرێنی كردو بەگەرمیەوە پێشوازیان لێكرا، ئەوسا لە دیدارێكی برایانەدا كە بەڕێزان (ڕۆمیۆ هەكاری) سكرتێری حزب و ژمارەیەك لە ئەندامانی (م.س) تێیدا ئامادە بوون، باس لە بوژاندنەوەی پێوەندی نێوان هەر دوولا كە ماوەی ٧ساڵە دابڕان و لەیەكدوری بینیوەكرا ئەم و هەر دوولا جەختیان كردەوە كە رزگاری و بێت نەهرێن دوو لایەنی دۆست و هاوپەیمانی دێرینن و دەبێ پەیوەندەیەكان گەشەی پێبدرێت.

⋆سەعات ١٥ی رۆژی ٢٠٠٣/٣/٢٤ شاندێكی حزب كە پێكهاتبوو لە بەڕێز سكرتێری حزب و هەڤاڵ (عومەر حەسەن) ئەندامی (م.س) و هەڤاڵ (هوشیار عەبدولرەحمان) بەرپرسی كۆمیتەی پارێزگاری سلێمانی سەردانی بەڕێز (وریا سەعید) سكرتێری كۆنگرەی ئازادی كوردستانیان كرد، ئەوسا لە دیدارێكی برایانەدا كە ژمارەیەك لە ئەندامانی (م.س)ی كۆنگرەی ئازادی بەشدار بوون، باس لە ڕەوشی كوردستان و پیوەندی نێوان هەردوولا كرا هەردوولا دووپاتیان لەسەر بەهێز كردنی سەنگەری سەر بەخۆخوازی كردەوە.

⋆سەعات ١٦ی رۆژی ٢٠٠٣/٣/٢٧ هەڤاڵ سكرتێری حزب بەیاوەری هەڤاڵان (عومەر حەسەن) و (هۆشیار عەبدولرەحمان) سەردانی بارەگای (م.س)ی پارتی پارێزگارانی كوردستانیان كردو لەلایەن بەڕێز (زەید سورچی) سەرۆكی پارت و ژمارەیەك لە ئەندامانی (م.س) بەگەرمیەوە پێشوازیان لێكرا.

⋆لەدانیشتنێكدا كە زیاتر لە سەعاتێكی خایاند باس لە ڕەوشی كوردستان و شەڕی ئازادكردنی عێراق كراو هەردوولا ئاواتیان خواست كە بەزوویی شەڕ كۆتایی بێت و گەلی عێراقیش لە سەدامی دیكتاتۆرو ڕژێمەكەی رزگاریان ببێت.

⋆سەعات ١٢ی رۆژی ٢٠٠٣/٣/٢٩ هەڤاڵ سكرتێری حزب هاوڕێ لەگەڵ هەڤاڵان (عومەر حەسەن) و (هۆشیار عەبدولرەحمان) سەردانی كۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حزبی شیوعی كوردستانیان كرد، ئەمەو لە لایەن بەڕێزان (سوبحی مەهدی) ئەندامی (م.س) و (عوسمان كەریم) و (ئازادی سەرچنار) ئەندامانی كۆمیتە پێشوازی لێكرا ئەوسا لە دیدارێكی برایانەدا باس لە ڕەوشی كوردستان و عێراق كراو هەردوولا پتەوكردنی پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەكانیان بەگرنگ و بەنرخ لەقەڵەمدا.

⋆سەعات ١٢,٣٠ی رۆژی ٤/٦ هەڤاڵ سكرتێری حزب بەیاوەری هەڤاڵ ئەمیر حاجی محەمەد بەرپرسی مەكتەبی پەیوەندیەكانی حزبمان، سەردانی بەڕێز قادر عزیز سكرتێری گشتی حزبی زەحمەتكێشانی كوردستانی كردو بەگەرمیەوە لە لایەن بەڕێزیانەوە پێشوازی لێكران، ئەوسا لە دیدارێكی یەك سەعاتەدا باس لە ڕەوشی كوردستان و شەڕی دژ بە سەدام كراو ئاواتیان خواست لە چەند رۆژی داهاتوودا بەكەوتنی بەغدا شەڕ كۆتایی بێت و ئاشتیو ئارامی بگەڕێتەوە.. هەروەها لە تەوەرێكی دیكەدا باس لە پتەوكردنی پەیوەندی نێوان لایەنە هاوئامانجەكان كراو پەرۆشی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە دووپات كردەوە.

⋆شاندێكی حزبمان كە پێكهاتبوو لە هەڤاڵان سكرتێری حزب و ئەمیر حاجی محەمەد بەرپرسی مەكتەبی پێوەندیەكان و عەلی مەعروف ئەندامی مەكتەب، سەعات ١٧ی رۆژی ٤/٦سەردانی لقی چواری پارتی دیموكراتی كوردستانی كرد لە شاری سلێمانیدا، ئەمەو شاندەكە لە لایەن بەڕێز قادر جەباری بەرپرسی لق و ئەندامانی لق پێشوازی لێكران.

سەرەتا شاندی حزب پرسەو سەرەخۆشی خۆی سەربارەت بەو كارەساتە دڵتەزێنە دیار كرد كە فرۆكەكانی هاوپەیمانان بە هەڵە دژ بە كاروانێكی پێشمەرگەو سەربازانی ئەمریكا ئەنجامیان دابوو، دواتر باس لە رەوشی ئەمرۆی كوردستان و، پەیوەندی نێوان لایەن سیاسیەكان كرا.